# مەزهەری خالقی: دەنگدانی ئەمجارەمان بۆ کوردە، بۆئەوەیە دەنگمان بەرزترو یاسایی تر بێت



لەپەیوەندییەکدا لەگەڵ هونەرمەند مەزهەری خالقی-دا سەبارەت بەدەنگدان پێی راگەیاندین کە: هۆکاری ئەوەی جاری پێشوو بۆ دەنگدان بۆ دەستور کەخەڵك وەك پێویست بەشداریی لەدەنگدانەکەدا نەکرد، بەراستی ئەو پێشوازیی نەکردنە هەندێك مەترسی خستۆتە دڵی هەمووانەوە، نەك هەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەهەر چوار پارچەکەی کوردستانیشەوە، بۆیە ناکرێت دیسانەوە ئەم هەڵەیە دووبارە بکەینەوە، چونکە مەسەلەی دەنگدان، پەیوەندیی بەهیچ گروپ و لایەنێك و دەستەو ئایدیۆلۆژیایەکەوە نییە، بەشداریکردنمان بۆ دەنگدانە بۆ کورد، بۆ دەنگدانە بەکەرکوك، بۆ دەنگدانە بەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، چونکە ئەم دەنگدانە ئومێد لای کوردی هەر چوار پارچەکە زیندوودەکاتەوە کەبنکەیەك یان ناوەرۆکێك بۆ ئازادبوونی کورد دروستبووەو خەریکە دەیپارێزین، ئەگەر ئێمە بەرژەوەندیی شەخسی یان حزبی یان سیاسیی یان هەر بەرژەوەندییەکی تر بۆ ئەم هەلە مێژووییە بخەینەگەر، نەتوانین ئەو بۆچوونەی کەپێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەم قۆناغە مێژووییە کۆبکەینەوەو نەتوانین ئەو راستییە بسەلێنین کەئێمە هەموومان یەکدەنگ کوردستانمان دەوێت، یەکدەنگ بۆ کوردو کوردستان ئەو کارە نەکەین، ئەوا من پێموایە گەورەترین گرفت بۆ خۆمان و بۆ داهاتوومان و بۆ سەرکەوتنی کوردستانی گەورە دروستدەکەین، بۆیە دەنگنەدان بەمەترسییەکی گەورە دەزانم، لەبەرئەوە بەخەڵکی کوردستان دەڵێم: دەنگدانی ئەمجارەمان بۆ کوردە، بۆئەوەیە دەنگمان بەزرترو یاسایی تر بێت، بۆئەوەیە کەئەو ئازادییە کەهەر لەداهاتوودا بگوازینەوە بۆ هەموو کوردستانی گەورە، ئەوەش بەپاراستنی دەستکەوتەکانی دەبێت، بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەش دەبێت ئێمە نوێنەرو دەنگی زیاترمان هەبێت و یەکێتیمان زیاتر بێت بۆئەوەی ئەوانەی تائێستا بەدەستمان هێناون جێگیریان بکەین، بەڵام ئەگەر بەکەموکووری جێگیریان بکەین دەبێت لەداهاتوودا شەر لەسەر کەموکوورییەکان بکەین، دەبێت شەر بۆ داهاتووی کوردستان بکەین، ئەمەش بەپاراستنی ئەو دەستکەوتانە دەبێت کەبەخوێنی شەهیدان بەدەستهاتوون. ئەمەیش ئەرکێکە لەسەر شانی میللەتەکەمان کەدەبێت بچن بۆ سەرسندووقەکانی دەنگدان و دەنگبدەن بەلیستی (٧٣٠) لیستی هاوپەیمانیی کوردستان.